# قامچی سست به نێوچەوانی مرۆڤ دەکەوێتەوە

لە بەرئەوەی ماوەیەک بە خەباتی تەڤگەری زمان خەریک بووم نەمتوانی وەکو پێویست و بەشێوەیەکی ڕێک وپێک ڕووداوە سیاسییەکان تاقیب بکەم، بەڵام ئەوەندەی مرۆڤ سەرنج دەدات، ڕەوشی سیاسی ڕۆژبەڕۆژ مەترسیدارتر دەبێت، لە نێو دەوڵەتدا گروپێکی تایبەت بە شەڕ لە دژی کوردان گووڕ دەکەن و وتار و کردەوەی شەڕخوازانەیان پەرەپێدەدەن، ئەم هێزە شەڕخواز و بێبەختانە بۆ ئەوەی ڕێگای تێکۆشانی ئاشتی و چارەسەری دیموکراتییانە بگرن، چیان لە دەست بێت ئەنجامیدەدەن. کردار و جووڵانەوەی هێزە بێبەحت و شەڕخوازەکان و بەژەهر خوارکردنێکی کوێرانەی گەیشتە ئاستی زۆری بەرزی.

ئامانجی ئەم هێزانە ئەوەیە لەسەرەتادا کۆتایی بە ئاگربەستی یەکلایەنە بێت و ڕێگا لە بەردەم شەڕێکی گووڕ بکەنەوە دواتر شەڕی نێوان گەلان پەرەبسێنێت و هەندێک لە زمانحاڵی ئەو هێزانە باس لە کۆچبەرکردن و نەفیکردنی کوردان دەکەن، هەتا هەندێکێشیان باس لە ئامادەکاری قڕکردنی کوردان دەکەن، ئەو هێزانە دوژمنایەتی هەموو کوردان دەکەن، ئەو هێزانە بەیەک ئاست دژایەتی تێکۆشانی چەکداری و دیموکراتی دەکەن، هەروەها بەیەک ئاستیش دوژمنایەتی باکوری کوردستان و باشووری کوردستان دەکەن، ئەو هێزانە لەلایەک هەڵمەتی سەربازی لە هەلومەرجی زستانی دژواردا ئەنجام دەدەن لەلایەکی تر هێز لەسەر سنووری باشووری کوردستان کۆ دەکەنەوە.

بەهانەی هێرشکردنە سەر باشووری کوردستان تەنیا بۆ هەرێمی پاراستنی میدیا نییە، بەڵکو جێگایەکی تر هەیە زۆریش بەبایەخە ئەویش شاری کەرکووکە.

تاکو هێزە نەتەوەپەرست و شەڕخوازەکان ڕێگا لەبەردەم ئەنجامدانی ریفراندۆم بگرن بۆ ئەوەی کەرکووک نەگەڕێتەوە نێو سنووری هەرێمی کوردستان، بۆ ئەم مژارە تورکمان وەک بەهانە نیشان دەدەن، نەتەوەپەرستەکانی تورکیا لە هەموو شوێنێک هاوار دەکەن دەڵێن"کەرکووک شاری تورکمانەکانە" بەڵام ئەوکاتەی کوردێک ئەو قسەیە بکات: ئەوان شێت و هار دەبن.

لەم دواییەشدا سەرۆکی پارتی کۆمەڵگای دیموکراتی(DTP) لە ئامەد لەسەر ئەم مژارە سەرنجەکانی خۆی باس کردبوو،خرایە کونجی زیندان و هاوکات سەرۆکی(DTP)ی شاری وان چەند ڕۆژێک لەمەوبەر ئەویش گیرابوو، جگە لەمانە هاوسەرۆکی(DTP) لەبەر بڵاوکراوەیەکی کوردی کە هێشتا بڵاو نەکرابۆوە، سزای زیندانیکردنیان بەسەردا سەپاند. ئەمانە هەمووی بەگشتی ئەوەمان نیشان دەدەن کە شەڕی داگیرکەران بە تەنیا لە دژی چەکدارانی کورد نییە، بەڵکو لەدژی کوردایەتییە. ئەمەش کوردان بەرەو نەتەوەپەرستی هان دەدات.

من لەم بڕوایەدام نەتەوەپەرستی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە شێوەیەکی دۆگما شوێنی خۆی گرتووە و زۆر زەرەری بەگەلان بەخشیوە. بەڵام پاراستنی هەندێک نرخی نەتەوەیی لە چوارچێوەی وشیاری دیموکراسیدا مافی هەموو مرۆڤێکە، کوردیش خاوەنی ئەو مافەن. هەموو کەسێک دەزانێت کەرکووک بەشێکە لەکوردستان، لە کەرکووک بەتەنیا کورد ناژین بەڵام بەڵگەی مێژوویی ئەو ڕاستییە دەسەلمێنین کە هەموو کاتێک کورد لەم شارە زۆرینە بوونە. لە شوێنی ئەوەی ئێمە کەرکووک بکەینە شوێنی شەڕ و پێکدادان، پێویستە کەرکووک ببێتە شاری مۆدیلی پێکەوە ژیانی گەلان و هەروەک پێویستە هەموو پێکهاتەکانی شاری کەرکووک ئەو شارە بەلای خۆیاندا رابکێشن کولتووری لێبووردەیی پێش بخەن، لەبەر ئەوەی گەمەیەکی زۆری لەسەر ئەنجامدەدرێ کوردیش ئەو مافەیان هەیە خاوەنداری ئەو شارە بکەن لە بەرامبەر ئەو ئەو جۆرەگەمانە. لەبەر ئەمەش لێدوانەکانی(حیلمی ئایدۆغلۆ)لەبارەی کەرکووک منیش وەک هەر کوردێک لە مەبەستەکانی دەگەم. هاوکات داگیرکەران بەناوی ڕۆشنبیران هێرشی سیاسەتمەدارنی کورد دەکەن. من نرخاندنەکانی هی وەک(فدات ئایدن کایا ) تێناگەم. وتارەکەی ئەو بە ناوی(بەهاری نەتەوەپەرستی) منی زۆر زوویرکرد، کوردێک چۆن دەتوانێت تا ئەو ئاستە لە ڕاست گەلی خۆی دوور بکەویتەوە و خۆی نزیکی دەروونی داگیرکەران بکات، من لەم نهێنییە تێناگەم، ئەم هەڵوێستە دەرگای چارەسەریی ناکەنەوە ئەم هەڵوێستانە هێزە فاشیستەکان هار و شێت دەکات. کورد پێویستە ملی بۆ چەقۆی داگیرکەران درێژ نەکات، بۆ پاراستنی مافی ڕەوای خۆیان پێویستە تەدبیری باش وەربگرن. هەروەکو لە پێشینیان گووتوویانە(قامچی سست بە نێوچەوانی مرۆڤ دەکەوێتەوە) هێزە شەڕخوازەکان تا نەشکێن، نایەنە سەر ڕێگای ئاشتی و چارەسەری.




سامی تان

سەرۆکی ئینستیتۆی کوردی لە ئیستانبوڵ


تایبەت بۆ گوڵان دەینووسێ